# فیقهی ئاسان بەشی پاک وخاوێنی باسی حوکمەکانی پاککردنەوە وئاوەکان

# الفقه الميسر كتاب الطهارة باب: في أحكام الطهارة والمياه

< كوردی - كردي - kurdish >


کۆمەڵێک لە زانایان

جماعة من العلماء



وەرگێڕانی: دەستەی بەشی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# فیقهی ئاسان بەشی پاك و خاوێنی باسی حوکمەکانی پاککردنەوە وئاوەکان

## بابەتی یەکەم : پێناسەی پاککردنەوە، و ڕوونکردنەوەی گرنگی، وبەشەکانی :

**1-گرنگی پاککردنەوە وبەشەکانی** : پاککردنەوە کلیلی نوێژە، وە دڵنیاکەرەوەی مەرجەکانیەتی، دیارە مەرجیش پێویستە پێش بکەوێت بەسەر مەرج لەسەرگیراودا .

### پاککردنەوەیش دەکرێت بەدوو بەشەوە :

**بەشی یەکەم : پاککردنەوەی مەعنەوەی** : مەبەست پێی پاککردنەوەی دڵ ودەروونە لە هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا و گشت تاوان وگوناهێك کە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر دڵەکان، ئەمەش گرنگترە لە پاککردنەوەی لاشە و جەستە، چونکە پاککردنەوە وخاوێنکردنەوەی جەستە ولاشە بەدی نایەت لەکاتێکدا کە پیسی هاوەڵ بڕیاردان بوونی هەبێت، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُشۡرِكُونَ نَجَسٞ﴾ [ التوبة : 28 ]، واتا : چاك بزانن هەرچی هاوبەشدانەرو موشریکە ناپاك و پیسن لەبیروباوەرو نیەتیاندا.

**بەشی دووەم : پاککردنەوەی بەرجەستەکراو** : لەم چەند دێڕەی کە دێت بە درێژی باسی لێوە دەکەین.

**2-پێناسەکەی** : لە زمانەوانیدا بە واتای : پاکوخاوێنی، و بەدوور بوون لە پیسی وچڵکنی دێت .

لە زاراوەی زانستی فیقهیشدا بە مانای : هەڵگرتنی و نەهێشتنی بێدەست نوێژی و لەش پیسی ( رفع الحدث)، ولابردنی هەموو نا پاکژیەك[1] .

---

(1) الحدث : مەبەست پێی : هەموو وەصفێکە کە بەسەر لاشەوە هەبێت، کە ببێت بەهۆی ڕێگری کردن لە ئەنجامدانی نوێژ و هاوشێوەکانی، کە پاکوخاوێنی مەرجی ئەنجامدانی بێت، ئەمەش دوو جۆرە : یەکەم : بێدەست نوێژی بچووك : بۆ ئەو کەسە دەبێت کە هەڵدەسێت بە شۆرینی ئەندامەکانی دەست نوێژ، بۆ نمونە لەکاتێکدا شتێك لە پاش یان پێشیەوە دەربچێت لە میز وپیسایی، ئەمەش بەدەست نوێژگرتن لادەچێت، دووەم : بێدەست نوێژی گەورە : بۆ ئەو کەسە دەبێت کە هەڵدەسێت بە شۆرینی هەموو لاشە، وەك ئەو کەسەی لەشی پیس وگران بووبێت، ئەمەش بە شۆرینی هەموو لاشە ئەم بێدەست نوێژیە لادەچێت، بەمەش بێت پاککردنەوە لە بێدەست نوێژی گەورە بە شۆرینی هەموو لاشە لادەچێت، وە پاککردنەوە لە بێدەست نوێژی بچووك بە دەست نوێژ هەڵگرتن دەبێت، وە لەکاتی نەتوانینی ئەنجامدانیان جێگرەوەی هەردووکیان بە تەیەموم هەڵدەگرتن دەبێت، بڕوانە : الشرح الممتع (19/1)، والفقه الاسلامی وأدلته (238/1) .

مەبەست لە هەڵگرتنی و نەهێشتنی بێدەست نوێژی و لەش پیسی : لابردنی ئەو وەصفەیە کە ڕێگرە لە ئەنجامدانی نوێژ، ئەویش بە بەکارهێنانی ئاو بۆ هەموو لاشە، ئەگەر هاتوو بێدەست نوێژیەکە بێدەست نوێژی گەورە بوو، بەڵام ئەگەر هاتوو بێدەست نوێژیەکە بێدەست نوێژی بچووك بوو، ئەوا تەنها بە ئاوکردن بە ئەو ئەندامانەی کە واجبە لەدەست نوێژگرتندا بشۆرێن لادەچێت، خۆ ئەگەر ئاو دەست نەکەوت، یان نەتوانرا بەکار بهێنرێت ئەوا لەبری ئاو تەیەموم دەکرێت، ئەویش بە گڵ دەکرێت، بەو شێوەیەی کە شەرع فەرمانی پێدەکرێت، باس و خواسی ئەم بابەتەش لەکاتی خۆیدا بەیارمەتی خوای گەورە لە ( باسی تەیەموم ) دا بەدرێژی لێوەی دەدوێین .

مەبەست لە لابردنی هەموو نا پاکژیەك ( زوال الخبث ) : لابردنی هەموو پیسیەکە بەسەر لاشە و جلوبەرگ وجێگایەکەوە .

**بێدەست نوێژیش دوو جۆرە :** یەکەم : بێدەست نوێژی بچووك، ئەم شێوەیە دەست نوێژ گرتن واجب دەکات، دووەم : بێدەست نوێژی گەورە، ئەم شێوەیەش شۆرینی هەموو لاشە واجب دەکات .

ناپاکژی و پیسیش سێ جۆرە : ناپاکژیەك کە واجبە شۆرینی، لەگەڵ ناپاکژیەك کە واجبە ئاوی بەسەردا بکرێت، لەگەڵ ناپاکژیەك کە واجبە مەسح بکرێت .

## بابەتی دووەم : ئەو ئاوانەی کە پاککردنەوەیان پێ جێ بەجێ دەکرێت :

پاککردنەوە پێویستی بە شتێك هەیە کە پاککردنەوەی پێ ئەنجام بدرێت، و پیس وناپاکژی لاببات، وبێدەست نوێژی پێ لابچێت، ئەویش بە ئاو دەبێت، ئەو ئاوەیشی کە پاککردنەوەی پێ ئەنجام دەدرێت دەبێت ئاوێکی خاوێن بێت، واتا : خۆی پاك بێت و شتی غەیری خۆیشی پاك بکاتەوە، ئەو ئاوەیە کە لەسەر شێوەی هەقیقی خۆی مابێتەوە، مەبەست ئەوەیە بەو شێوەیە بیت کە خوای گەورە دروستی کردووە، جا ئەو ئاوە چی لە ئاسمانەوە بەشێوەی باران و بەفر و تەرزە باری بێت، یان ئاوێکی ڕویشتوو بێت بەسەر زەویدا، وەك ئاوی ڕووبار و دەریا و بیرو کانیاوەکان .

خوای گەورە لەم بارەوە فەرموویەتی : ﴿وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّنَ السَّمَاءِ مَاءً لِّيُطَهِّرَكُم﴾ [ الانفال : 11 ]، واتا : بارانی لە ئاسمانەوە بۆ باراندن تا پاکتان بکاتەوە .

وە فەرموویەتی : ﴿وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاءِ مَاءً طَهُورًا﴾ [ الفرقان : 48 ]، واتا : لەئاسمانەوە ئاوێکی پاك و خاوێنکەرمان ناردە خوارەوە .

وە پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { اللَّهُمَّ اغسلني من خطاياي بالماء والثلج والبرد } [1]، واتا : ئەی خوایە هەڵەکانم بە ئاو و بەفر و تەرزە بشۆرەوە .

هەروەها فەرموویەتی : { هو الطهور ماؤه، الحل ميتته } [2]، واتا : ئاوی دەریا ئاوێکی پاکوخاوێنە و پاك کەرەوەیشە لە هەمان کاتدا، وە مردارەوە بووی دەریایش حەڵاڵە ..

پاککردنەوە بە شەلە مەنیەکی جگە لە ئاو ئەنجام نادرێت، وەك بە سرکە و بەنزین وئاو میوە، وئاوی لیمۆ، وهاوشێوەکانیان، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا﴾ [ المائدة : 6 ]، واتا : ئاویشتان دەست نەدەکەوت بۆخۆشتن، یان بۆدەستنوێژ، ئەوکاتە بە خۆڵێکی پاك تەیەموم بکەن .

ئەگەر بهاتایە پاککردنەوە بە غەیری ئاو بکرایە ( وەك سرکە و بەنزین و ئاو میوە ) ئەوا ئەو کەسەی ئاوی دەست نەدەکەوت خوای گەورە مۆڵەتی دەدا خۆی پێیان پاك بکاتەوە و دەست نوێژی پێ هەڵبگرێت، وە باسی ئەوەی نەدەکرد کە بە گڵ و خۆڵ تەیەموم بکات ..

## بابەتی سێهەم : ئاو ئەگەر پیسیەک تێکەڵاوی بوو :

ئەگەر هاتوو پیسیەك تێکەڵاوی ئاوێکی خاوێن بوو، بەشێوەیەك یەکێك لە صیفەتە سەرەکیەکەی گۆڕی، یان بۆنی یان تامی یان ڕەنگی گۆڕی، ئەوا بەکۆدەنگی زانایان ئەو ئاوە پیسە و نابیت بەکار بهێنرێت بۆهەڵگرتنی بێ دەست نوێژی بە هەردوو شێوەکەیەوە، وە بۆ پاککردنەوەی کەلوپەل و جێگای پیس بوویش دەست نادات و پێیان خاوێن نابێتەوە، جا ئەو پیسیە زۆر بێت یان کەم، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو پیسیەی کە تێکەڵاوی ئاوە پاکەکە دەبێت پیسیەکی کەم بوو، بەشێوەیەك هیچ یەکیك لەو سێ صیفەتەی نەگۆڕی، ئگەر هاتوو ئاوەکە زۆر بوو ئەوا بە تیکەڵاو بوونی ئەو پیسیە کەمە ئاوەکە پیس نابێت ودەکرێت بۆ لابردنی بێدەست نوێژی و لەش گرانی بەکار بهێنرێت، بەلام ئەگەر هاتوو ئەو ئاوەی پیسیەکەی تێکەڵاو بووە ئاوێکی کەم بوو، ئەوا پیس دەبێت و بۆ لابردنی

(1) بوخاری ڕیوایەتی کردووە بە فەرمووودەی ژمارە (744) وە موسلیم بە فەرمووودەی ژمارە (598).

(2) ئەبو داود بەفەرمووودەی ژمارە (83) و تیرموذی بە فەرمووودەی ژمارە (69) ونەسائی بەفەرمووودەی ژمارە (59) وابن ماجە بەفەرمووودەی ژمارە (3246) ڕیوایەتیان کردووە، تیرموذی لەبارەی ئەم فەرمووودەیەوە ووتویەتی : فەرمووودەیەکی حەسن وصەحیحە، شێخ ئەلبانیش بە فەرمووودەیەکی صەحیحی داناوە بڕوانە ( صحيح سنن النسائي ) فەرمووودەی ژمارە (58) .

بێدەست نوێژی ولەش گرانی دەست نادات، ئەندازەی ئاوی زۆریش ئەوەیە بگاتە ڕادەی قولەتەین [1] وزیاتر لەوە، وە ئاوی کەمیش کەمترە لە ئەندازەی قولەتەین .

بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو فەرموودەیەی ئەبو سەعیدی خودریە (خوای لێ ڕازی بێت )کە دەڵێت : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم ) فەرمویەتی : { إن الماء طهور لا ينجسه شيء } [2] واتا : ئاو پاکوخاوێنە و پاککەرەوەیشە و هیچ شتێك پیسی ناکات .

وە فەرموودەی عەبدوڵای کوڕی عومەریش ( خوایان لێ ڕازی بێت )، کە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { إذا بلغ الماء قلتين لم يحمل الخبث } [3] واتا : ئەگەر هاتوو ئەندازەی ئاو گەیشتە ئەندازەی قولەتەین – کە دەکاتە نزیکەی سەد وشەست لیتر و نیو – پیسی هەڵناگرێت، واتا : پیس نابێت .

## بابەتی چوارەم : ئاو ئەگەر شتێکی پاکی تێکەوت :

ئەگەر هاتوو ئاو مادەیەکی خاوێنی کەوتە ناوەوە، وەك گەڵای درەخت وسابون و خڕنوك وسیدر وچەند مادەیەکی تری خاوێن، بەڵام تام وبۆن ورەنگی ئەو مادەیە زاڵ نەبوو بەسەر ئاوەکەدا، ڕای ڕاست ودروست ئەوەیە ئاوەکە پاکوخاوێنە ودروستە بەکار بهێنرێت بۆ دەست نوێژ و خۆشتنی لەش گرانی و خاوێن کردنەوەی شتێك کە پیسی لەسەر بێت، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَإِنْ كُنْتُمْ مَرْضَىٰ أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الْغَائِطِ أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ﴾ [النساء : 43]، واتا : ئەگەر نەخۆش بوون یان لە سەفەردا بوون یان لەسەرئاو گەڕانەوە، یان لەگەڵ ئافرەتانی نامەحرەم لە یەککەون و ئاوتان دەست

(1) مەبەست لە قولەتەین : ئەوەیە ئەو ئاوە بگاتە 93،075 کە دەکاتە نزیکەی 160،5 سەد وشەست لیتر و نیو، بەئەندازە زەمانی کۆنیش ووتویانە دەکاتە نزیکەی پێنج کونە ئاو .

(2) ئەحمەد لە مەسنەد لە ( بەرگی 1/ لاپەڕە 15 ) وئەبو داود لە ( كتاب الطهارة، باب ما جاء فی بئر بضاعة ) بەفەرموودەی ژمارە (61) ونەسائی لە ( كتاب المياه ) بەفەرموودەی ژمارە (277) وتیرموذی لە ( كتاب الطهارة، باب أن الماء لا ينجسه شيء ) بەفەرموودەی ژمارە (66) ڕیوایەتیان کردووە، وە ووتویەتی : ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی حەسەنە، وشێخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە : الإرواء (45/1) .

(3) ئەحمەد لە مەسنەد لە ( بەرگی 2/ لاپەڕە 27 )، ئەبو داود لە ( كتاب الطهارة، باب ما ينجس الماء ) بە فەرموودەی ژمارە (63) وتیرموذی لە ( كتاب الطهارة، باب أن الماء لا ينجسه شيء ) بەفەرموودەی ژمارە (67) ونەسائی لە ( كتاب الطهارة ) بە فەرموودەی ژمارە (52) وابن ماجە لە ( كتاب الطهارة، باب مقدار الماء الذي لا ينجس ) بەفەرموودەی ژمارە (517)" و لەفزەکەشی بەم شێوەیەیە : " إذا كان الماء قلتين لم ينجسه شيء "، شێخ ئەلبانی ئەم فەرموودەیەی بە صەحیح داناوە، بڕوانە : الإرواء (45/1) .

نەدەكەوت (بۆ خۆشتن و دەست نوێژ گرتن) ئەوا تەیەموم بكەن بەخاكێكی پاك و (بەو خاكە) دەست بهێنن بەسەر دەم و چاوو دەستاندا .

ووشەی ( ماء = ئاو ) كە لە ئایەتەكەدا هاتووە بە شێوەی ( نكرة = نەناسراو ) لە چوار چێوەی ڕستەیەكی ( نفي = نەرێ ) یندا هاتووە، بۆیە هەموو ئاوێك دەگرێتەوە، ئاوی خالص و پوخت یان ئاوێكی تێكڵاو بە مادەیەكی خاوێن .

وە بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوایش ( صلى الله علیه وسلم ) كە فەرمووی بەو ئافرەتانەی كە خەریكی شۆرین و كفن كردنی كچەكەی بوون : { اغسلنها ثلاثا أو خمسا، أو أكثر من ذلك إن رأيتن، بماء وسدر، واجعلن في الاخرة كافورا، أو شيئا من كافور } (1)، واتا : سێ جار یان پێنج جار و زیاتر بە ئاو وسیدر بیشۆرن ئەگەر پێتان باش بوو، كۆتا جار با كافور بێت، یان بەشتێك لە كافور .

### بابەتی پێنجەم : حوكمی بەكارهێنانی ئاوی بەكارهاتوو بۆ پاككردنەوە :

مەبەست لە ئاوی بەكارهاتوو ئەو ئاوەیە بەكار هاتبێت بۆ دەست نوێژ یان بۆ خۆشتن، ئەم جۆرە ئاوەیش لەسەر ڕای دروست ئەوەیە كە پاك و پاكەرەوەیشە، واتا : بێدەست نوێژی بەهەردوو بەشەكەیەوە لادەبات و بۆ خاوێن كردنەوەی پیسیش دروستە بەكار بهێنرێت، مادام كە یەكێك لەو سێ وەصفەی نەگۆڕا بێت : بۆن وتام ورەنگ .

بەڵگەش خاوێنی ئەم جۆرە لە ئاویش ئەم ڕیوایەتەیە : { أن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) كان إذا توضأ كادوا يقتتلون على وضوئه } (2)، واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) كاتێك دەست نوێژی دەگرت، هاوەڵانی بەرێزی خەریكی بوو لەسەر ئاوی ماوەی دەست نوێژەكەی یەكتریان دەكوشت.

وە كاتێك جابر نەخۆش كەوت پێغەمبەری خوا ( صلى الله علیه وسلم ) لە ئاوی ماوەی دەست نوێژەكەی كرد بەسەریدا (3)، ئەگەر ئەم جۆرەی ئاو پیس بوایە ئەوا پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه

(1) بوخاری وموسلیم ڕیوایەتیان كردووە، بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1253، 1258، 1259) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (939) .

(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (189) ڕیوایەتی كردووە .

(3) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (5651) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە ( 1616) ڕیوایەتیان كردووە .

وسلم ) ئەو کارەی نەدەکرد وڕازی نەدەبوو بەوەها کارێکی هاوەڵانیش، هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وخێزانەکانی و و هاوەڵانی کاتی خۆی لە قاپ و پەرداخ وتەشتدا دەست نوێژیان دەگرت، دیارە دەست نوێژ گرتنێکی لەم شێوەیەش بەدوور نەبووە لەوەی کە پرژ ودڵۆپەی ئەو ئاوە بەکار هاتووەی تێ بکەوێتەوە، هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بە ئەبو هورەیرەی فەرموو کاتێك لەشی گران بوو، { إن المؤمن لا ينجس }[1]، واتا : بێگومان باوەڕدار پیس نابێت، جا ئەگەر بێتۆ بەم شێوەیە بێت ئەوا ئاو پاکوخاوێنی خۆی تەنها بە لێك کەوتنی لەشی مرۆڤێکی بێدەست نوێژ، یان مرۆڤێکی لەش گران لەدەست نادات .

### بابەتی شەشەم : پاش ماوەی ئاوی دەمی مرۆڤ و ئاژەڵان (آسار الادميين وبهيمة الأنعام) :

مەبەست لە ( السؤر ) : بریتیە لەو ئاوەی کە لە قاپێك یان لە پەرداخێك لە پاش ماوەی خواردنەوەی مرۆڤ دەمێنێتەوە، دیارە مرۆڤ خاوێنە و پاش ماوەی ئاو خواردنەوەکەشی هەر خاوێنە، جا ئەو کەسە موسڵمان بێت یان بێباوەڕ، هەروەها کەسی لەشگران و ئافرەتی خاوەن سوڕی مانگانەیش، چونکە وەك باسمان کرد پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { إن المؤمن لا ينجس }[2]، واتا : بێگومان باوەڕدار پیس نابێت .

هەروەها عائیشەی دایکی باوەڕدارانیش کاتێك لە سوڕی مانگانەدا بووە و ئەو قاپەی کە ئاوی تێدا دەخواردەوە پاش ئەو پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) ئەو قاپەی هەڵدەگرت و دەمی دەنا بە شوێن دەمی عائیشەوە [3] .

هەروەها زانایانیش کۆدەنگن لەسەر خاوێنی پاش ماوەی هەر ئاژەڵێك کە گۆشتی بخورێت، بەڵام ئەو ئاژەڵانەی کە گۆشتیان ناخورێت، وەك ئاژەڵە دڕندەکان و گوێدرێژ و هەندێکی تریش، زانایان ڕایان جیاوازە بەڵام ڕای ڕاست دروست ئەوەیە کە خاوێنە، وە هیچ کاریگەری دروست ناکات لەسەر ئەو ئاوەی کە دەمی تێدەخەن، بەتایبەت ئەگەر هاتوو ئاوەکە زۆر بوو .

---

(1) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (371) ڕیوایەتی کردووە .

(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (371) ڕیوایەتی کردووە .

(3) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (300) ڕیوایەتی کردووە .

بەڵام ئەگەر هاتوو ئاوەکە کەم بوو، وە یەکێك لە وەصفەکانی بەهۆی دەم تێخستنی ئەو ئاژەڵانەی کە گۆشتیان ناخورێت گۆرا، ئەوا بێگومان ئەو ئاوە پیس دەبێت .

بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو فەرموودەیەیە کە پێشتر باسمان کردن، کاتێك پرسیاریان لێکرد لە بارەی پاش ماوەی ئاژەڵ و دڕندەکانەوە فەرمووی : { إذا بلغ الماء قلتين لم يحمل الخبث}واتا : ئەگەر هاتوو ئەندازەی ئاو گەیشتە قولەتەین پیسی هەڵناگرێت و کاریگەری نابێت لەسەری، وە کاتێکیش لە بارەی ئەو ئاوەی کە لەقاپێکدایە و پشیلەیەك لێی خواردووەتەوە پرسیاریان لێکرد، فەرمووی : { إنها ليست بنجس، إنما هي من الطوافين عليكم والطوافات} [1]، واتا : نەخێر پیس نیە، چونکە پشیلە هەمیشە لەناو ماڵدا لەگەڵ مرۆڤدایە و زۆر دێت بەسەریدا .

چونکە بۆ مرۆڤ قورس وگرانە کە خۆی لێ بپارێزێت، خۆ ئەگەر ووتمان پاش ماوەی ئاوی پشیلە پیسە و واجبە ئەو شتانەی کە پشیلە دەمی تێدەخات بشۆررێن، ئەوا کارێکی قورس وگرانە، ئەمەش لەسەر ئومەتی موحەمەد ( صلى الله عليه وسلم ) هەڵگیراوە وەك ڕەحم ومیهرەبانیەکی خوای گەورە بۆی .

بەڵام پاش ماوەی دەمی سەگ و بەراز بەهەموو شێوەیەك پیسە، سەبارەت بە پاش ماوەی دەمی سەگ: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { طهور إناء أحدكم إذا ولغ [2] فيه الكلب، أن يغسله سبع مرات، أولاهن بالتراب} [3]، واتا : ئەو دەفر وقاپەی کە سەگێگ بە دەمی تێدەخات حەوت جار بیشۆن، یەکەم جاریان با بە قوڕ بێت .

سەبارەت بە بەرزایش : لەبەر پیسی و چەپەڵی و قێزەونی ئەو ئاژەڵە پاش ماوەی ئاوی دەمیشی پیسە، خوای گەورەش لەبارەی بەرازەوە فەرموویەتی : ﴿فَإِنَّهُ رِجْسٌ﴾ [الانعام : 145 ]، واتا : پیس و چەپەڵە .

سەرچاوە : پەرتووکی ( الفقه المسير = فیقهی ئاسان ) لە نووسینی دەستەبژێرێك لە زانایان .

---

(1) ئەحمەد لە مەسنەد ( لەبەرگی 5/ لاپەڕە 296 ) وئەبو داود لە ( كتاب الطهارة، باب سؤر الهرة ) بەفەرموودەی ژمارە (75) و تیرموزی لە ( كتاب الطهارة، باب ما جاء في سؤر الهرة ) بە فەرموودەی ژمارە (92) وە ووتوویەتی : فەرموودەیەکی حەسەن وصەحیحە، وە شیخ ئەلبانی بە فەرموودەیەکی صەحیح داناوە، بڕوانە : الارواء، ژمارە (23) .

(2) ولغ : واتا : بەزمانی لێی خواردووەتەوە .

(3) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (172) وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (297) ڕیوایەتیان کردووە، و لەفزەکەش لەفزی ڕیوایەتی موسلیمە .